# ئایا شێخ زانا ئیسلامە

## تەها ئەمین هەڵەدنی

ووتی: حەزم لە کەسێک کرد، شێتانە شەیدای بوو بووم، ئەو حەزەم ووشیاریمی دەستەمۆ کرد بوو. دارو دیوار ووتیان نەکەی، دارو دیوار تکایان دەکرد. بەڵام هەمووجاران،یەک تەنیا ووشەیەکی دەوربەرم پێ نەپەرژێندرا. ئاخریش ئەو حەزە وەک مارێکی سادیست گۆی ژیانمی گەست، بۆ هەتا هەتایەش بە گەورەترین برین جەستەمی سمی.

مەبەست لەم تراژیدیا کۆمیدیایە ئەوەیە، کە کەسەکان، کۆمەڵ بە ئاسانی لە خشتە دەبردرێ، بە بێ ئەوەی فەنتاسیا بکرێتە میتۆدی مەبەستەکە.

کاتێک ئاینی کریستیانی گەشتە ئەورووپا، پاشاکان، بەگزادەکان سەرەتا دژی بوون. بەڵام کەزانیان ئەم دینە خەڵکی باشتر کەڕوو کاس دەکات. کەوتنە پەروەردەکردنی، دینی کریستیانی، زیباتر لە خواستی قەشەکان. پاشاکان و قەشەکان ڕێککەوتن،کە خوێنی هەژاران و نەدارانی ئەورووپا حەڵاڵ بکەن.

باشترین نموونە: فرۆشتی نامەی لێبوردنی خوا، بە ئیمزای قەشەکان. قەشەکان و پاشاکان نامەی لێبوردنی خوایان دەفرۆش بە خەڵکی بێچارەو شەڕوو رووتی ئەورووپا، تا هاتنی مارتن لووتەر. مارتن لووتەر سەرزەمینی دۆزرخی هەموو کڕی و پاشان بە خەڵکی گووت: ئیتر پێویست ناکا زەوی لە بەهەشت بکڕن، چونکە دۆزەخم کڕیوە بەتاپۆوەو ناشهێڵم کەس بێتە ژوورەوە!

فرۆشتنی نامەی لێبوردنی خوا بە هەژارانی ئەورووپای ئەوسا، بەڵگەیەکی پتەومان دەداتە دەست، کە چەتەکان چەند ئاسان توانیویانە هەژاران لە خشەتەبەرن!

لێرەوە هەژاری گەلانمان بۆ دەردەکەوێت.

لەخشەتە برنی خەڵک، تەنها خەڵکە ڕەشوو رووتەکە نەبوە، بەڵکوو ووردە ووردە، بەگزادەکانیش گرتۆتەوە. چونکە پارەدارەکان هەمیشە مرۆڤی هەلپەرست و چەتە بوون، ئاشنای ڕۆشنبیری نەبوون. کاتێک چارلس داروین پەڕتووکەکەی بەناوی ڕیشەی ڕەگەزەکان بڵاو کردەوە،یەکێک لە نەجیبزادەکانی ئینگلتەرا، بەبێ ئەوەی بزانێ داروین چی نووسیوە ووتی: خوا بکات پەڕتووکەکەی داروین ڕاست نەبێت ،ئەگەر ڕاستیشە هیوادارم خەڵک پێی نەزانێت، جیهانی سۆفی وەرگرانی د حسێن خەلیقی. لینکی داروین.

http://sv.wikipedia.org/wiki/Charles_Darwin

دەبینن کە کڵێساکانی جیهان، بەتایبەت ئەورووپی پڕە لە گۆڕی سەرمایەدارەکانی ئەوسا. بەو نیازەی کە لە کڵێسا نێژران لە ماڵی خواشەوە نزیک دەبن! لینکی مارتن لوتەر.

http://sv.wikipedia.org/wiki/Martin_Luther

هەر کڵێسا بوو، جارێک ژان دێ ئارکی گەیاندە بەرزترین دەسەڵاتی پلەی سەربازی ، هەر کڵێساش بوو، ئەو خانمە نەخوێندەوارە قارەمانەی بە سووتاندندا. لینکی سوتاندنی ژان دێ ئارک.

http://sv.wikipedia.org/wiki/Jeanne_d'Arc
سەرجەم کوردە ئیسلامەکان بە ئاگاو بێ ئەگا، هەوڵ دەدەن کە بی سەلمێنن،کە کورد بەخۆشی خۆی ئیسلامێندراوە، بەڵام مێژوو ئەڵێ: تەنها لە یەک شارۆچکەی وەک عفریندا، لەیەک ڕۆژدا 8000 کوردیان سەربڕیوە . لینکی سەربڕنی کوردەکانی عفرین.
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D9%83%D8%B1%D8%A7%D8%AF
1400 ساڵە شیعە فرمێسکی تیمساحی دەڕێژێ لە دژی بێدادی، کەچی هێشتا جەعفەری جێگەی خۆی قایم نەکردوە، هانا بۆ لەشکری تورکە فاشستەکان دەبا. کە ئەو کۆلکە دەست کەوتەی کە بەخوێنی هەزارەها مرۆڤ بنیاد نراوە، لە بار ببرێت! دوێنی ڕویدا لینکی ناوێت.
شاە خومەینی، ئێرانیان لە گەلانی ئێران کردە دۆزەخ. کەچی هێشتا خەڵکانێکی زۆر هەن دەهۆڵ بۆ شاە خومەینی لێدەدەن. لەوەش سامناکتر، موجاهدینی خەڵقی ئێران، ڕێخراوێکی کۆنەپەرست ورەگەز پەرست، بەئاشکرا دژی خواستەکانی گەلی کوردە.
لە ڕاپەڕیندا بە ئاشکرا دەستی تێکەڵی سوپا زەیللەکەی سەدام کرد، کەچی هێشتا کورد هەن، کە وێنەی مەسعود ڕەجەوی بەرپرسی ئەم ڕێخراوە دەبینن، پەڵەمە گریان دەبن!
سەرەڕای ئەوەی گەلی فەلەستین، خەریک بوو کە لە برسادەمرد. یاسر عەرەفات لەپارەی ڕەشوو ڕووتی فەلەستین، 30 میلیارد کرۆنی سویدی پاشەکەوت کرد. تا ئێستاش، بە پاڵەوانی ئەفسانەیی گەلی فەلەستین دەجوێندرێت. نەک گەلی فەلەستین، بەڵکوو هەموو عەرەب بۆ مەرگی ئەو پەڵەمە گریان بوون. لینکی سەچاوەی دزیەکانی یاسر عەرەفات.
http://www.dengekan.com/doc/2004/11/Haladne17.pdf
محەمەد ژنی کوڕەکەی خۆی زەوت کرد، کەچی هێشتا ملیاردێک بە دوای کاکە حەمەدا ڕادەکەن. قورئان سورەی ئەحزابی 37.
ئیسلام هەروەک زادەی ژینگەکەی خۆی، سۆزانی و نێربازی تابوو نەکردوە. نەک هەر تابووشی نەکردوە، بەڵکوو قورئان، ئیسلامی سەرڕاست، خەڵات دەکا بە سۆزانی(قەحبە) هەتیوو بازی.
هەروەک پێشتریش باسمان کردوە، کە سۆزانی و هەتیوو بازی داب و نەریتی بیابان بوە. هەر لە ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی ژیانی نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە.
لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا، ئەگەر کەسێک قەرزار بوایە، کوڕەکەی، کچەکەی، هاوسەرەکەی دەدا بە خاوەن قەرز. بە پێی سووکی و گرانی قەرزەکە. ئەگەر قەرزەکە پارەیەکی زۆر بوایەو قەرزارەکە توانای دانەوەی نەبوایە، ئەوا ئەو کاتە بەقەرزدانی کوڕ، کچ ، یان هاورسەریش ماوەکەی درێژ دەبوو. ئەگەریش پارەکە کەم بوایە، ئەوکاتە بەقەرزدانی جگەرگۆشەکەکان ماوەکەی کەم دەبوو. هیچ کام لە مێژوو نووسانی وەک جەریر بن تەبەری ، جەلالین ، قورتووبی نکۆڵی ئەم ڕوداوەناکەن.
کاتێک ئیسلام، سنووری نیمچەدوورگەی عەرەبی بەزاندو، گەشتە ناوچەیەکی کلتوور جیاواز، لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، تووشیان بوو بەتوشی گەلێک کولتوور کە، نێرباز و

سێکس فرۆشی تێدا کارێکی نەنگ بوو. بۆیە وورده وورده سێکس فرۆش و نێربازی بوە کارێکی نفرەت لێکراو. ئێستا خەڵکی وا فێرکراوە، کە قورئان دژی نێربازی سێکس فرۆشیە. بەڵام کاتێک دەبینین کە دەقی قورئانی دەستەک دەداتە هەتیوو بازی و سێکس فرۆشتن. ئیتر مافی کەس نیە کە پێچەوانەی قورئان بدوێت. چونکە وەک ئیسلامەکان ئەڵێن قورئان دەستووی خوادایە. مادامیش قورئان دەستووری خوایە، مافی هیچ بەندەیەک نیە بیگۆڕێت.

قوئان لە سورەی تووری ژمارە24 ئەڵێ: لە بەهەشتدا کوڕی جوان کە ئەڵێی دانەی مراوارین لەدەورتان دەگەڕێن.

ویطوف علیهم غلمان کانهم لؤلؤ مکنون ( الطور : 24 )

قورئان لەسورەی ئینسان ژمارە19 هەروەها ئەلواقعەی ژمارە 17، جارێکی دیکە ئەڵێ: گەنجانی لاوی هەمیشە و نەمر لەدەورتان دەگەڕێن.

2- ( ویطوف علیهم ولدان مخلدون ) ( الانسان : 19 )

3- ( یطوف علیهم ولدان مخلدون ) ( الواقعة : 17)

کوڕی جوان وەک دانەی مروارین، هەگیز نامرن، ئەگەر تەنها بۆ خزمەت کردنە، دەبوایە قورئان یا خوای عەرەبەکان پەسەندکردنی چووست و چالاکی لاوانی بکردایە. ئەسڵەن لای خاوەن کار کوڕی لووسەکە بە کەڵی کار کردن نایە. لای خاوەنکار، تەنانەت شێخ و مەلاکانیش دەستی کرێکار و خزمەتکار دەبێ زبر بێ، تا بورهانی بکا، کە بەڕاستی کرێکارە. قورئان بەشێوەیەک پەسەنی کوڕەکانی بەهەشت دەکا، وەک ئەوەی دایکێک کچەکەی دەدات بەشوو. بۆیە پەسەن کردنی کوڕانی بەهەشت بە نیازی سێکسە نەک خزمەت کردن. بۆیە شێخ زانا شارەزای تەواوی دێڕ بەدێڕی قورئانە، ئەو دەزانی تووری 24،هەروەها ئینسانی 19،ئەلواقعەی17 چی ئەڵێ. شێخ بە خوێندنەوەی ژینگەی نیمچەدوورگەی عەرەبی، بە بارستایی گەردێک شک و گوومانی لا نامێنێت، کە خوای عەرەبەکان هەتیوو بازی تابوو نەکردوە. بەڵکوو قورئان موسڵمانان خەڵات دەکا بە نێربازی.

قورئان سورەی ژن ژمارە 24 ئەڵێ:کاتێک لەگەڵ ژندا سێکستان کرد، دەبێ کرێی سێکس کردنەکە بدەن. هەروەک پێشتر باسمان کرد، کرینی سێکس لەناو عەرەبەکاندا وەک کولتور باوی بوە. لە جیاتی بژاردنی قەرز بەکارهێندراوە، بۆیە محەمەدی کوڕی عەبدەڵاش دژی نەوەساوە. بەڵام عومەری کوڕی خەتاب تابووی دەکا.هەرچی شیعەشە دژی تابوو کردنی سێکس فرۆشتن دەوەستن. ئەوان ئەڵێن شتێک قورئان و پێغەمبەرەکەشی تابووی نەکردوە، مافی عومەر نیە تابووی بکات.

بۆیە شیعە نووسینەگەی تایبەتیان هەیە، کە لەیدا دەتوانی ژن بە کرێ بگریت، تەنانەت بۆ یەک کاتژمێر، یا زیاتر. بەپێی بیری شیعەکان دەتوانی ئەو خانمە بە بۆ ماوەیەکی کاتی مارەی دەکەیت، دەتواندرێت، هەتا هەتایە بەژنی بیهێڵیتەوە. خانمی (ناهید پێرشۆن) لە سوید، لە کورتە فلیمێکی دۆکومێینتیدا، لە پرۆگرامێکی تەفزێۆنی فەرمی دەوڵەتی سویدا

پەخشکرا. بە ئاشکرا ئەو ڕاستیانەی ئاشکرا کردوە، کە سێکس فرۆشتن لە ئیسلامدا تابوو نیە. لینکی ئەو بابەتە.

http://www.dn.se/DNet/jsp/polopoly.jsp?d=1058&a=374898&previousRenderType=6

بەکورتی ئیسلامە سنیەکان هەڵەن، کە سێکس فرۆشی تابوو دەکەن. چونکە سورەی ژنی 24 تابووی نەکردوە. خۆ ئەگەر ڕەچاوی ژینگەی نیمچە دوورگەی عەرەبیش لەچاو بگرین ئەوکاتە دەزانین، کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵا بۆچی سێکس فرۆشی تابوو نەکردوە. باشترین پەرتووکێکیش کە بە تێرووتەسەلی باسی ئەم دووباتە دەکات، پەرتووکەی کاک مەریوان هەڵەبجەییە. بە ناوی سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلام دا یە.

پیاوە ئاینەیەکان شێوازیان زۆرە، هەیە ئیسلامی کردۆتە پیشەیەکی بازرگانی و بژێوی خۆی پێوە بەڕێ دەبا. ئەمانە گەشتوونەتە باوەڕێکی پتەو کە ئیسلام دەستکردی خودی محەمەد کوڕی عەبدوڵایەو لەدوور لەنزیک، هیچ پەیوەندیەکی بە خواوە نیە. بەڵام تێشدەگەن، کە خەڵکی بێچارەیەو بەئاسانی دەستبەرداری ئیسلام نابێت. بۆیە ئیسلام بەکاربهێنن بۆ چەواشەی خەڵک. خەڵکی ڕەشووڕووتیش دەبێتە قوربانی دەستی ئەم جۆرە بەکتریا مشەخۆرانە.

مەلا کرێکار، مەلا بەشیر، عەلی باپیر، هەموو مەلا جیهادیەکانی دیکەش لەو جۆرانەنن، ئەگینا، نەگبەتێکی وەک بۆتان ئەکەرەم تۆفیق هەورامی چ پەیوەندیەکی بە کێشەی ئەفگانساتنەوە هەیە؟

جگە لەبازرگانی کردن بە ڕەشوو ڕووتی کوردەو بەرانبەر مشتێ دۆلاری چڵکنی ئاغاکانی سوعودیەیان.

ئەگەر ئەو مەلا ناوبراوانە، دەستکردی سەدام نین، بۆ بۆتانیان نەنارد بۆ کوشتنی سەدام حسێن؟

بۆ لەسەدام حسێن زیاتر کەسێکی دیکە هەیە، کە هێندەی وی ئیسلامی کوشتبێ؟

بۆ لای کوردێکی ئیسلامی کوشتنی کەرەزای لا گرنگتربێ لە کوشتنی سەدام؟

ئاخر کەرەزای چ پەیوەندیەکی بە کوردەوە هەیە؟

بۆتان نزیکەی ساڵێک پێش ڕووخانی سەدام حسێن لە ئەفگانستان دەستگیرکرا.

http://www.aljazeera.net/news/archive/archive?ArchiveId=44484

بۆ مەگەر ئێران، عێراق، سووریا، توورکیا، کوردوستانیان داگیر نەکردوە، ئەدی بۆ بۆتانیان نەنارد بۆ کوشتنی، سەدام، یا ئەدرۆغان، یا بەشار ئەسەد، یا ئاخوندێکی دەست بەخوێن سووری کورد؟

ئیسلام بۆ هەندێکی دیکە تەنها کولتورە، بێ ئاگای لاسایی کردنەوەی دابوو نەریتی عەرەبەکانی 1400 پێش ئەمڕۆیە. لەبەر ئەوەی کولتووری عەرەب ڕیشەیەکی 1400 ساڵەیی هەیە، ئەم کۆمەڵە بۆیان هەرس ناکرێت، کە دەست بەرداری ئەو دابوو نەریتە

ببن. بەڵام دوور لە بیرو بۆچوونی سیاسی نوێژوو ڕژوی خۆی دەگریت. بە بێ ئەوەی کاریگەیتی نێگەتیڤی هەبێت، لە بنیات نانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی.